کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 18:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ... چنار سەعەد عەبدوڵا:365 ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال لە شوێنێکی شایستەی پزیشکی دادی هەولێر پارێزراون



کاوە عەلی:
کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆی ڕۆژی6/26 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە دیوانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەڕێوەچوو، چنار سەعەد عەبدوڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و ئامادەبوونی لە خوێندنەوەی حوکمی تاوانکارانی ئەنفال سەبارەت بە بڕیاری دادگا و هەڵگرتنی ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفالکراو لە پزیشکی دادی هەولێر، سەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە پیرۆزبایی خۆی و وەزارەتی بە بۆنەی حوکمی تاوانکارانی ئەنفالەوە لە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفالکراو و خەڵکی کوردستان کرد.
دواتر لە کۆنگرەکەدا ڕایگەیاند: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە پرۆسەی بەدادگا گەیاندنی تاوانکاری ئەنفال تەنها ئەرکی چاودێری کردنی پرۆسەکە بووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە و بێلایەنانە بەڕێوە بچێت، جگە لە وەش هاوکاری پرۆسەکە بووە بە گەیاندنی شایەد و دیکۆمێنت بۆ دادگا و دابین کردنی کارە یاساییەکان لە ڕێگای سەندیکا و ئاسانکاری بۆ پارێزەرەکان، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە ئەرکی خۆی وەك و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان جێبەجێ بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەروەها وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەوەشی ووت " جگە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارانەی کە وەزارەت بە ئەرکی خۆی زانیووە هیچ کاتێك نەی ویستووە پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانکارانی ئەنفال بکەوێتە ژێر کاریگەری وەزارەتەوە، هەمیشە ئەو بێ لایەنیەی پاراستووە بۆ سەرکەوتنی دادگایی دۆسیەی ئەنفال تاوەکو دواڕۆژی خوێندنەوەی حوکمی تاوانباران لەو ئەرك و بەرپرسیاریەتی خۆیدا ماوەتەوە.

لەبارەی گرینگی دادگاییەکەشەوە ووتی " 3 خاڵی زۆر گرینگ هەیە کە کاریگەری خۆی هەیە یەکەمیان گرینگی خوێندنەوەی حوکمی دادگا بەسەر تاوانکاران کە بووە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و ناخۆشیەکانی کەس و کاری قوربانیان.

دووەمیان مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیانی ئەنفالکراو کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەر کردنی گرفت و کەم کوڕییەکانی ئەم توێژە قوربانی دەرە.

سێیەمیان کە خاڵێکی گرینگە بۆ میللەتی کورد کە هەوڵی زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وەزارەتیش بووە، ئەویش ناساندنی جینۆساید کردنی میللەتی کوردە بە شێوەیەکی فەرمی.

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەم بارەیەوە بەردەوام بوو ووتی: هەر سێ خاڵەکە بەلای وەزارەتەوە گرینگە و بەردەوام هەوڵی زیاتر دەدات بۆ قەربووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و بەجیهان ناساندنی جینۆ ساید کردنی میللەتی کورد.

لەبارەی ژمارەیەك لە ڕوفاتی قوربانیانیشەوە کە وا بڵاوکرایەوە لە فرگەی نێو دەوڵەتی هەولێرە، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ووتی: ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال بەشێکی هەرە گەورەی ئازارەکانی ئەم میللەتەن هەرگیز ئەم حکومەتە ڕێگای بەخۆی نادات بێ ڕێزیان لەبەرامبەر بکرێت، ئەم 365 ڕووفاتەی قوربانیان هیچ کاتێك لە فرگەی نێو دەوڵەتی هەولێر نەماونەتەوە و ڕاستەوخۆ کاتێك گواستراونەتەوە بە فرۆکەیکی ئەمریکی لە ڕێگای فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێرەوە گەیەندراونەتە کوردستان و ڕاستەوخۆ بۆ پزیشکی دادی هەولێر لە شوێنێکی شایستە پارێزراون هۆکاری ئاشکرا نەکردنی ئەم بابەتەش ئەوە بووە کە بەشێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی ئەوەمان نەبووە باسی بکەین تاوەکو دادگا حوکمی بەسەر تاوانکاراندا خوێندەوە و ڕێگای بەوە دا ڕوفاتی قوربانی ئەنفالکراو بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان، بۆ بەڵگەی ئەم قسانەش کاسیەتێکی ڤیدیۆیمان بۆ ئامادەکردوون کە چۆن هەر لەگەڵ گەیاندنی ڕوفاتی قوربانیان بۆ فرۆکە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەگواسترێتەوە پزیشکی داد کە ئەمە خۆتان فەرموون ببینن.

دوای بینینی کاسیەتە ڤیدیۆییەکە دەرگا بۆ پرسیاری ڕۆژنامە نووسان واڵا کرا و لە پرسیارێکی ڕۆژنامە نووساندا لە بارەی ئاشکرا نەکردنی هێنانی ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفالکراو، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دوبارە باسی لەوە کردەوە و ووتی " بە شێوەیەکی یاسایی نەتواندراوە باس لەم بابەتە بکرێت چونکە لە کاتی هێنانی ئەم تەرمانە هێشتا دادگا بڕیاری حوکمەکەی بەسەر تاوانکارانە نەدابوو".

لەبارەی پرسیاری ئەوەی بۆ ئەو تەرمانە گواستراونەوە هەولێر وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ووتی " ئەو تەرمانە لە شوێنێکی گەرم بوون و کاتی تەواو بوونی ئەو تیمەی کە چاودێری دەکردن تەواو بوو بوو، ئەو تەرمانەش بە ئاگاداری هێزی فرە ڕەگەزەکان دوای بینینی شوێنیان لە پزیشکی دادی هەولێر بڕیار بە گواستنەوەیان دراوە کە شوێنەکە بۆ پاراستنیان شایستە بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە بارەی تەرمەکانیشەوە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ڕایگەیاند" لە پرۆژەیەکی وەزارەتدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حوکمەتی هەرێمی کوردستان داوامان کردووە کە ئەم تەرمانە لە گۆڕستانێکی نیشتمانی دا بە مەراسیمێکی شایستە بنێژرێن ئەوانیش تەئکیدیان لە شایستەیی ئەم مەراسیمە کردوەتەوە.

لە بارەی شوێنی گۆڕستانەکەشەوە وتی "تاوەکو ئێستا دیاری نەکراوە لە کوێ بێت".

لە کۆتاییدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان گلەیی خۆی ئاراستەی ئەو کەسانە کرد کە دەیانەوێت بازرگانی بە باسکردنی ئەم تەرمانەوە بکەن کە لە ڕاستیەوە دوربوون لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر هەڵگیرابن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.